دەرباز کەسرەت رەسوول: لە کەبوونەوەکانی داهاتووی یەکێتی و پارتی گفتوگۆ لە بارەی دابەشکردنی پۆستەکان دەکەن



ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی ئاماژە بەوە دەکات لە کەبوونەوەکانی داهاتووی یەکێتی و پارتی گفتوگۆ لە بارەی دابەشکردنی پۆستەکان دەکەن.

دەرباز کەسرەت رەسوول، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کۆنفراسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، بەهۆی نەوروز و جەژنی ڕەمەزانەوە کەبوونەوەکانی پارتی و یەکێتی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان وەستاون؛ دەشێت، کەبوونەوەکان دوای کۆتاییهاتنی پشووەکان، دەست پێ دەکەنەوە.

وتیشی دوایین کەبوونەوەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان تایبەت بوو بە ئامادەکردنی ڕەشنووسی دیدگەی هاوبەش و تەواو کراوە.

دەرباز کەسرەت رەسوول ئاماژەی بەوەش کرد، لە کەبوونەوەکانی داهاتوودا گفتوگۆ لە بارەی دابەشکردنی پۆستەکان دەکەن.

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی جەختیشی کردەوە، کەبوونەوەکان تاوەکوو ئێستا

ئەرنین. گوتیشی، سەرەتای ئەوەی پرسەی پکهنانی کابینەی دەیەم درژەی کشاوە، بەتام بە پویست زانراوە پرسەکە زر ورد بت بە ئەوەی ووبەووی کشە سیاسی و کارگییەکان نەبنەوە.